# دەست لەکارکێشانەوە

عومەر جەلال

چەمکی دەست لەکارکێشانەوە (استقالە) نامۆیە لە کولتووری کوردی دا بەتایبەتی لە بواری سیاسەت,فۆرمی سیاسەت بە هەموو ئەندازەیەك ڕوانگە ناشیرینەکەی بووەتە بەشێك لە کلتوری سیاسەتی کوردی و بەهەڵە بەکارهێنای بەرەهایی دەبینرێت,ئەوەندەی ئیش لەسەر پایە لاوازەکانی سیاسەت بە ئاکارە نێگەتیڤەکەیدا دەکرێت ,نیو هێندە بە ئاکارە پۆزەتیڤەکەی کار ناکرێت,هەرگیزاو هەرگیز لە سیاسەتی حیزبە کوردیەکاندا نەمان بینیوە یان تەنانەت نەمان بیستووە سیاسیەك واز لە پۆستەکەی بهێنێت ئەگەر بە تۆبزیش بوبێت,کاتێك سیاسیەك کە تاکی کوردی دەنگی پێدەدات ئیدی کورسیەکەی دەبێتە بە شێك لە خودی خۆی ,نەك بیرکردنەوەی لە وەی لەتوانای ئەوەدا نەبێت بیر لە دەست لە کارکێشانەوە بکات ,دەتوانم بڵێم بە گەورەترین زیانی دادەدنێن ئەگەر سیاسیەك دەست لەکاربکێشێتەوە,وەلێ تاکی کوردی بە رۆشنبیرانی و رۆژنامەنووسەکانیەوە تووشی خەمۆکیەکی گەورەدەبن کاتێك دەبینن سیاسیەکانی کوردی بە هیچ پێودانگ و یاسایەك دانپێدانانی خۆیان ئاشکراناکەن لەشکست و هەڵەکانی ڕابردوویان,ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانیش دەرنەچن یان شکست بێنن ئەوا زۆر بەسانایی چەمکی(دەست لەکارکێشانەوە) دەکەنە باشترین هۆکار بۆ پەردەپۆشکردنی شکستەکەیان ,زۆرجار بووە سیاسیەکانی حیزبی کوردی دەست لەکار کێشانەوەی خۆیان بە شۆرشێکی گەورە لەقەڵەم داوە بە بێ ڕوونکردنەوەی هۆکاری دەست لە کار کێشانەوەکە مانشێتی رۆژنامەکانیان پڕ کردۆتەوە بە بێ هیچ لێدوانێکی روون کە بەڵگەبن بۆ ئەو پاڵنەرانەی ڕێگربوونە لەدەست لەکارکێشانەوەکەیدا.

بەهەرحال,ئەستەمە ئەمرۆ سیاسەتی کوردی ئەو کەسانە لە پۆستەکانی دوورکاتەوە کە دەستیان هەبووە لە سیخوری و گەندەڵی بەهەر هۆکارێك بێت,هەر وەك چۆن نەوەیەك درووست بووە بە هیچ شێوازێك کەسانی گەندەڵ و شکستخواردوو پەسەند ناکات ,ئاواش ئەم نەوە گەنجە داوا دەکات چ دی سیاسەتی کوردی بە خۆیدا بچێتەوە و ئەو کەسانەی کە شایانی ئەو پۆستانەنین کە لە خزمەتی کۆمەڵگەی کوردی بن با هیچ نەبێت بە بەرچاوی مێدیای کوردی دان بە تاوانەکانیانا بنێن و دەست لەکارکێشانەوەی خۆیان رابگەیەنن,هەرچەندە ئەمە زۆر بەکارێکی مەحاڵ دادەنرێت لەدۆخی سیاسەتی کوردیدا,هەرگیز مامۆستایەکی بێ ئەزموون ئامادەگی ئەوەی تیا نییە لەکارەکەی دەستبکێشێتەوە کە نەوەیەکی قوتابی بێئەزموون بەرهەم دێنێت ,هەروەها دکتۆرێکیش ئامادەنییە بە کۆڵێك بڕوانامەوە واز لەکارەکەی بهێنێت ئەگەر زیانیشی هەبوبێت بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگە ,تەنانەت رۆژنامە نووسێکی فاشیلیش ئامادە نییە واز لە پیشەکەی بهێنێت هەرچەندە ئەگەر تەنیا بۆ پڕکردنەوەی رۆژنامەکان بێت,یان شاعیرەلاوازەکان ئامادەنین دواین شیعریان بنووسن و بڵێن ماڵئاوا ئەی شیعر ئێمە لە ئاستی تۆدا نین تەنانەت ئەگەر هەر بۆ خۆیان شیعرەکانیان خوێندووەتەوە ,ئایا سیاسیەکانی ئێمە لەوانە زیاترن دان بەهەڵەکانیاندا بنێنن و دەستی

هەڵەیان لەکار بکێشنەوە ,من دڵنیام (دەست لەکارکێشانەوە) بووەتە گوناهێك و بەهەڵە دادەنرێت لە کولتووری ئێمەدا یان بە مانایەکی دی تێگەیشتنمان بۆ چەمکی (دەست لەکارکێشانەوە) لە دیدگایەکی هەڵەوەیە ,ئەگەر لە مێدیا جیهانیەکانەوە لە کولتووری رۆژئاوا بڕوانین دەبینن ئەو کەسانەی کە خۆیان بە کەم تەرخەم دەزانن یان هەست دەکەن لە ئاستی پۆستەکانیاندا نین دەست لەکارکێشانەوەی خۆیان رادەگەینن ,ئەوەی لەم ماوەیەدا لە رۆژنامەکانەوە دەنگۆی دەست لەکارکێشانەوەی (نەوشیران مستەفا) بڵاو بووەوە ,ووردەکاری هۆکارەکانی نەزانران و نیگەرانییەکی لای زۆرینەی خەڵك درووست کردووە,ئایا دەبێت هۆکارەکەی بۆ سەرنەکەوتنی باڵەکەی بگەرێتەوە ؟؟؟؟یان ..........